





# دیدو بۆچوونەکانی عارف باوەجانی
# سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

---

ئامادەکاری دیمانە: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

## داواكاری:

زۆر بەڕێز كاک عارف باوەجانی وێڕای سڵاوێكی گەرم، بۆ تاوتۆ و كەنگەشەی ڕووداوەكانی نێونەتەوەی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و كوردستان بەگشتی و هەلۆمەرجی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە تایبەتی، ئەم پرسیارانەی خوارەوە كە بەدڵنیایەوە بەشێكی زۆری هی چین و توێژەكانی خەڵكن ئاراستەی جەنابت و كۆمەڵێک كەسایەتی سیاسی حیزبی و غەیرە حیزبی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەكەین و كۆی ئەم دیمانانە لە دوو توێی نامیلكەیەک دەیخەینە بەر دەیدی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەنابتان دەكەین بە وەڵامی ئەرینی ئەم بەرهەم دەوڵەمەندتر بكەن.

پێشەكی زۆر سپاستان دەكەم.

**بەڕێز و حورمەتەوە ڕەحمان نەقشی**

---

## پرسیارەكان:

* هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەوڵومەرجی هەنوكەیی نێونەوەیی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؟

* هەڵومەرجی ئێستای كوردستان چوون هەڵدەسەنگینی؟

**وەڵام**: ئەگەر بەو شێوە وڵامی پرسیارەكەت بدەمەوە كە هەلومەرجی هەنووكەیی نێونەتەوەیی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەگەڵ هەلومەرجی ئستای كوردستان چۆنە، دەتوانم بڵێم زۆر گۆڕاوەو زۆر باشە.

چوون سەردەمانێک كورد كە خەبات و شۆڕشی دەكرد بە شاخانەوە هیچكەس دۆست و پشتیوانمان نەبوو، بگرە دەزگای ڕاگەیاندنی وڵاتانی داگیركەری كوردستان هەمێشە هەوڵیان دەدا كە كورد و جووڵانەوەكەی بە گەلێكی ئاژاوەگێر بە میدیاكانی جیهان بگەیەنن. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەو سەردەمانە كە لە سەر كورد هەواڵ و ڕیپۆرتاژیان بڵاودەكردەوە وەک خۆی لە قامكی دەست تێنەدەپەری، كە بۆنموونە یەكێک لەو بەڕێزانە كریس كۆچیرابوو، كە ماوەی چەند

حەفتە پێش کۆچی دوایی کرد، هەمیشە یادی بەخێر و درەوشاوە بێت لە مێژووی گەلی کوردا.

ئیستا بەخۆشییەوە کورد لە ئاست جیهاندا زۆر بە باشی ناسراوە، دەتوانم بڵێم ڕاگەیاندنی بیسراو بینراو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نەماوە کە باسی لە سەر کورد و مافەکانی نەکردبێت. هەروەها زۆربەی حیزب ولایەن و ڕێکخراوە گرنگەکانی جیهان لە نزیکەوە بە باشی کورد دەناسن، دەیان ئینیستۆتی جیهانی و دەزگای کۆکردنەوەی زانیاری، دەیان نووسەری بە ناوبانگ، هەموو لە سەر کورد پەرتووکیان بڵاوکردوەتەوە. وەزارەتی دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشی تایبەتیان بە کورد هەیە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

کورد لە پاش کارەساتەکانی هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی سوپای پاسدارانی ئیران بۆ سەر ڕۆژهەڵات، لەگەڵ دەیانکردەوەی تروریستی و کۆمەڵکوژی و لە سێدارەدان و وێرانکاری، گەلی باکور کە بەردەوام لەو پەری ناخۆشی و نا ئارامیدایە و کوشتن و بەندی و کۆسپەکانیان ژیانیان.

گەلی کورد لە باشور، وێرای پرۆسەی ئەنفالی ١٨٢ هەزار نەفەر، وێرای کیمیابارانیی هەڵەبجەو دەیان ناوچەی دیکە، وێرای خاپورکردنی هەزاران گووند و شاروچکە. گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا وێرای نەبوونی هیچ پێناسەیەک، کارەساتەکانی سینەمای ئامودە و گۆڕەپانی یاری تۆپی پێێ قامیشلۆ و دەیان کارەساتی دیکە، ئەمانە بە گشتی بە لایەکدا، بەڵام شەری گەلەکەمان لە باشورو ڕۆژئاوا بە دژی داعش کە لە ساڵی ٢٠١٤ دەستی پێکرد، گەلی کوردی لە تاقیکردنەوەیەکی گرنگی جیهان سەرخست، زیاتر خۆشەویستی جیهان بەرەو لای کورد و دۆزە ڕەواکەی ڕاکیشا. کورد بە جیهانی سەلماند نەک ڕێکخراوی تروریستی نییە، بگرە زۆر دژە تڕۆرەو قوربانی دەستی تڕۆریش بووە. کەوابێت هەولومەرجی ئیستای کوردستان و جیهان زۆر گۆراوەو ئەگەر نە ترسانە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنرێت شانس و هەلەکان زۆر لە جاران زیاتر و باشترن.

* باکوور و ڕۆژئاوایی کوردستان؟

## * باکوری کوردستان:

**وەڵام**: هەروەک دەزانین لە باکور خەبات و بەرخۆدانی شاخ و شار بەردەوام، ڕێژیمی تورکیا لە سەرەتاوە دەیویست نکۆڵی لە بوونی زیاد لە ٢٥ ملۆین کورد بکات، بەڵام خۆراگری ئەم گەلە قارەمانە، هەم لە ناو باکور، هەم لە ئیستنەبوول و ئەنقەرەو شارەکانی دیکە، هەم لە پایتەختی وڵاتانی مەزنی جیهانی وایکرد، کە تورکیا تووشی لەرزانێکی زۆری دیپلوماتی و سیاسی و ئابوری بکات. بۆیە تورکیای ناچارکرد کە چەند لە سەد % گۆرانکاری لە خۆیدا بکات، بە ناچار دان بە بوونی زمان و ڕەسەنایەتی کوردا بنێت، وەک کردنەوەی کاناڵێکی فەرهەنگی بە ناوی تەرەتە، هەروەها کردنەوەی ڕادیۆی



سەرچاوە
Serchawe

کوردی، موڵەتدان بە هیندێک ناوەندی کوردی، سەرەڕای ئەمانەش دەستیکردووە بە گرتنی دەیان ڕۆڵەی هەڵبژێراوی ئەم گەلە لە ناو پەرلەمانی تورکیا، کەو ئەو کەسانە شێلگیرانە و نەترسانە لە پەرلەمانەکەی تورکیا داوای مافی گەلەکەیان دەکرد. بیانووی ئەوەیان لە تورکیا بریبوو، ئەگەر حکومەتەکەی ئەردوغان خەباتی چەکداری شاخ بە خراب و تاوان دەزانێت، با بێت بە خەباتی مەدەنی و ناوخەڵک لە شارەکانی باکوری کوردستان مافەکانی گەلی کورد قبووڵ بکات. بەو هەموو گرتن و کوشتن و میلیتاریزەکردنی ناوچەکانی کوردستان بەڵام خەبات و خۆراگری بەردەوامە، بە تایبەت خەبات لە ئاست وڵاتانی دەرەوە فشاریکی زۆری نێونەتەوەیی بۆ سەر تورکیا دروستکردوە، پێبەشکردنی مافەکانی گەلی واى لە تورکیا کردوە کە ئەندامەتی لە یەکێتی ئوروپا ساڵ بە ساڵ کۆسپی زیاتری بێتە سەر ڕێگەو داواکەیان ڕەدکرێتەوە. بێگومان درێژەدان و بەردەوامی بەو شێوە سەرکەوتنی مەزنی بە شۆیندا دێت.

## * ڕۆژئاوای کوردستان:

**وەڵام**: لە درێژایی تەمەنی حاکمیەتی حیزبی بەعس لە سوریا و ڕژێمەکانی پێشتریش دانیان بە بوونی کورد لە وڵاتەکەیاندا نەدەنا، کوردیان بە پەنابەرەو کۆچبەر دەناسی، هەربۆیەش لە پێناسەو ڕەگەزنامەی سوری بێبەش بوون، تووشی دەیانکارەساتی دڵتەزێن بوون، بێجگە لە هەموو سزادانێکی مرۆڤایەتی و جسمی، زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانیان بە عەرەب (تەعریب)کرد، لە هەر گووندێکی ڕۆژئاوا نیوەی کراوە بە عەرەب، زەوی و زارو کشت و کاڵیان تەواو تێکەڵکراوە. کۆسپێکی زۆری سیاسی و جۆگرافیاییان بۆ دروسکردوە.

لە پاش دەسپێکردنی ڕاپەرینی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە سوریاشەوە لە ژێرناوی بەهاری عەرەبی، گۆرانکارییەکی زۆرباش بۆ گەلەکەمان لەو بەشە هاتە ئاراوە، زۆربەی ناوچە کوردستانیەکان ئیستا بە دەست کورد خۆیەتی، بە شێوەی کانتۆن هەر پارێزگایەکی کوردستان کاروباری ئیداری خۆی بەڕێوەدەبات، هەرچەند جێگەی ڕەخنەیە کە دەسەڵات لەو بەشەش یەکگرتوو نییە، و لایەنی بەرامبەریان کە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی سوریا (ئەنەکەسە) لە دەسەڵات دوورخراوەتەوە، بەڵام بە گشتی کورد لەو وەزعەی جارانی ڕزگاری بووە و ئێستا وەک هێزی دووەم لە ناوچەکە حسابیان لە سەر دەکرێت، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکانی سوریا، بەشار ئەسەد سەرۆککۆماری دیکتاتۆری سوریا، لە ڕێگەی پەرلەمانەکەیانەوە ڕایانگەیاند کە ئامادەن پێناسەی سوری بوون بە کوردیش بدرێت، هەرچەند من وەک نووسەی ئەم باسە ئاواتەخوازم کە هەرگیز کورد هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو ٤ وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان بەبێت، و هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کورد هەڵگری پاسپۆرتێکی کوردستانی بێت.

هیوادارم کە هەموو لایەنەکانی سیاسی کوردی لە رۆژئاوا مافی کاری سیاسیان پێبدرێت، و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و

دیمۆکراتدا نوێنەرانی خۆیان هەلبژێرین، بتوانن دەسەلات تا ئاستی سەربەخۆیی یا هەر شێوەیەکی دیکەی بۆ خۆیان بەگونجاوی دەزانن دروستبکەن.

*** باشووری کوردستان و ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی؟**

**وەلام**: باشوری کوردستانیش سەدانساڵە لە خەبات و تێکۆشاندایە، بە تایبەت لە سەردەمی دروستکردنی حکومەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٢١، کە لەوێدا بەداخەوە دەسەڵاتی ئەو کاتی بریتانیا بەڵێنیەکەی خۆی کە قەراربوو حکومەتێکیش بۆ کوردەکان دروستبکات بە سەر نەبرد، و کوردی بە زۆر خستە سەر ئێراق، تا روخانی ڕێژیمەکەی بەعسی سەدام حسین بەردەوام بووە، ئەلبەت لە ساڵی ١٩٩١ لە خۆپێشاندانی جەماوەری گەلەمان لەو بەشەی کوردستان دامو دەزگاکانی بەعس بە دەرنران، تا ساڵی ٢٠٠٣ بێجگە لەو کەرکوک و شنگال و خانەقین و هیندیک ناوەچەی دیکە، دەسەڵات هەر بە دەست کوردەوە بووە.
لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ سەرەوە تەکانێکی دیکەی نێودەوڵەتی بە کورد درا لەو بەشەدا. ئەم پرۆسە پێش باس لە دەسکەوتە گرنگەکانی بکەین، پێویستە ئەوە بزانین کا تا رۆژی جێبەجێکردنی دەنگدانەکە واتە تا ٢٥ی سەپتەمبەر، چاوەروانی چەندین پلانی مەترسیدار لە لایەن دەزگای سیخوری ٤ وڵاتی داگیرکەرەوە دەکرێت.

باشوری کوردستان بەرەو هەنگاوێکی گرنگ کە ڕاپرسی گەلە لە ٢٥ ی سەپتەمبەردا خۆی ئامادە دەکات، ئەم پرۆسەش مەترسیەکی زۆری بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ٤ وڵاتی داگیرکەری کوردستان دروستکردوە. بێگومان دەزگا ئەمنی و داپڵۆسێنەرەکانی ئەم وڵاتانە بە چرو پری کەوتوونەتە زەربە لێدان و کۆسپ دروسکردن بۆ ڕاگرتنی ئەو پرۆسەیە.

کۆماری ئیسلامی ئێران باش دەزانێت ئاکامی ڕێفراندۆمەکە چۆنە، ئەوان دەزانن کە بێجگە لەوەی کە زیاد لە ١٢ملۆێن کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان فشارەکانیان بۆ سەریان زیاد دەکەن، هاوکات٤ نەتەوەی دیکەی وەک بەلوچ، عەرەبی ئەحواز، ئازەری و تورکمەنسەحرایی، کە ئەوانیش وەک کورد لە لایەن ئێرانەوە خاکیان داگیرکراوە، شانبەشانی کورد دەکەونە جووڵەوە، ئیدی پرۆژەی درێژخایەنی ئیمپراتۆری فارسی بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین دەکەوێتە مەترسییەوە.

تورکیا بە بوونی ٢٥ میلۆێن کوردو چەند ملۆین لە نەتەوەی دیکە مەترسی لە دەستدانی خەیاڵی زیندووکردنەوەی سەردەمی سوڵتان عوسمانی لە بەین دەچێت.

سوریا بە نکۆڵیکردن لە زیاد لە٣ ملۆین کورد لە رۆژئاوای کوردستان، سەدان هەزار ئاشوری و نەتەوەی دیکە، دروشمی کۆماری عەربی سوری، ماکەی بەعسی عەفلەقی دەکەویتە مەترسییەوە، و هەروەک خەونی بیلادی شامەکەی ١٠٠ساڵ پێشی،

دیسانەوە ٣ وڵاتی دیکە لە ناوچەکە زیاد دەکرێن، ئیدی مێژووە دێرینەکەی تەواو ژێرگڵ دەبێت. ئێراقی ئیستای بە ناو وڵات و بە ناوەرۆک وڵاتی فرە ئاین و فرە تیرەو هۆزەوە، کە هەر١٠٠ کیلومیتریکی بە دەست حیزب و ئاین و تایفەیەکەوە، کەچی بە دژی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم، خۆیان بە حکومەت دەزانن، باس لەوە دەکات کە ئەگەر کوردەکان بریاری سەربەخۆبدەن، دەڵێن قبوڵ ناکەین وڵاتەکەمان ببێت بە ٣ بەشەوە، ئاشکراشە کە بریاردەری یەکەمی بەشی زۆری وڵاتی ئیستای بە ناو ئێراق، قاسم سلێمانیەکەی ئێرانە.

کەوابێت وبە پێی ئەزموون و مێژووی سەدانساڵەی پێشووشمان، لەوە دڵنیاین کە ئەم وڵاتە داگیرکەرانە بە هەموو شێوەیەک لە بۆسەدان بۆ لێدانی ئەم پرۆسەیە، هەم لە ئاست ناوخۆی کوردستان و هەم لە ئاست وڵات و زلهێزانی جیهانیشەوە.

**کە بە شێوەی خوارەوە ئاماژە بە هیندێک لەو مەترسیانە دەکەم.**

١- هەوڵدان بۆ زیاتر و قووڵترکردنی قەیرانی سیاسی نێوان لایەنەکانی کوردستان، دۆزینەوەی زۆر ڕێگەی دیکەی مەترسیدار بە دەسیسەی ئەوان بۆ بەهێزکردن و پەرەسەندنی ناکۆکیەکان، وەک مەترسی تەقینەوە لە شارو ناوجەو بنکەی سەرکردایەتی حیزبەکان ڕوو بدات، بۆ ئەوەی شک و گومان بخەنە سەر یەکتر و دیسانەوە شەری ناوخۆیی سەرهەڵبداتەوە، و بۆ دەیانساڵی دیکە لەو خەونە دوورمان بخەنەوە.
٢- هەوڵدەدەن بۆ زیاتر لاوازکردنی ئابوری کوردستان، ئابلۆوقەدانی ئابوری کوردستان لە ئاست جیهان و سنوورە دەستدروستەکانەوە، بۆ ئەوەی خەڵک لە نائۆمێدی و نەداری پشت لە پرۆسەی دەنگدان بکەن.
٣- بەستنی سەرچاوە ئاوییەکان، سنوورە بازرگانییەکان، کە لە سنوورەکانی نێوان باشوری کوردستان لەگەڵ هەر سێ بەشە داگیرکراوەکەی دیکەی وەک ڕۆژهەڵات، باکورو ڕۆژئاوادا هەیە. کە هەر لە ماوەی ئەم ٣ حەفتەیە هیندێک لە مەترسیەکانی ئاو لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستپێکردوە، و چاوەروانی بەغداو ئەنکەرەو دیمشقیش بن، وا بزانم کۆسپی زۆریش ئیستا بۆ سەر ئاوی ئەڵوەن لە لایەن بەغداوە دەستی پێکردوە.
٤- هەوڵدەدەن بۆ گوومان دروستکردن لە سەر بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ناشیرین کردنیان لە پێشچاوی شەقامی کوردی، وەک تۆپبارانکردنی سنوورە دەستدروستەکان، ئاگر بەردان لە کێڵگەو باخ و بیستان و سەر شاخەکانی گووند نشینان بۆ ئەوەی کێشە لە ناو خەڵکەکە بۆ خۆی دروستبکات. هەروەها ناردنی خۆراک و پێداویستی ژەهراوی بەسەرچوو، دەیان و سەدان و هەزاران ئەگەری دیکەی چاوەرێکراو.
٥- مەترسی دیسانەوە هێنانەوەی گروپێکی دیکەی هاوشێوەی داعش بە ناو و بەرگی دیکەوە، بە مەبەستی نائارام کردنی کوردستان، یان دروستکردنی گروپێکی توندڕەو پر ئیمکانات هەر لە ناو باشوری کوردستان بۆ نائارام کردنەوەی ناوچەکە،



سەرچاوە Serchawe

تا دیسانەوە دەزگا تۆقێنەرەکانی وڵاتانی داگیرکەر، لە ناوچەکانی کوردستان تاوتاوان بکەن و بە ویستی خۆیان بکوژن و خەڵک دەربەدەر بکەن، هەر وەک نموونەی ساڵی نەوەدەکان، ئیدی دیسانەوە نائۆمێدی سەرهەڵبداتەوە.

**چارەسەری**: کەوابێت پێویستە هەم لایەنە سیاسیەکان زۆر بە قووڵی بیر لەم مەترسیانە بکەنەوە، و زۆر پەلە ئاشتەوایی گشتی ڕابگەیەنن و دەست لە نێو دەست دژی ئەم پلانە مەترسیدارانە بووەستنەوە، چوون بێگومان تێپەرکردنی پرۆسەی ڕێفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی لە هەر بەشێکی کوردستان، بێ کۆسپ و تەگەرەی مەترسیدار نابێت، بەڵام خۆراگری لە بەرامبەر هەموو تەگەرەکاندا و تێپەرکردنی پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی، تەنیا یەکێتی و یەکریزی گەلی کوردە.

* **وەک کەسایەتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندنت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە چێیە:**

* **شۆڕشی گەلانی ئێران و کورد**

**وەڵام**: گەلەکەمان لە پاش تێکچوونی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، و لە سێدارەدانی شەهید پێشەوا وەک یەکەم سەرۆککۆماری مێژووی گەلی کورد و هەڤاڵانی، ئیتر ئەو بەشەی کوردستان تووشی نەهامەتی و گرتنی دەیان تێکۆشەری سیاسی بووەوە، ڕێژیمی پاشایەتی ئێرانی لە ڕێگەی دەزگای ساواکی ئەو سەردەمە، ئەوپەری هەوڵیدەدا کە هەر جۆرە سەرهەڵدانێکی سیاسی و مەدەنی کورد لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدایە، بە هەر جۆرە تێچوونێکی سیاسی و مادی بایە دژی ئەو جووڵانەوە هەنگاوی دەنا. شەهید بوونی دەیان تێکۆشەری دێرینی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەتی ئەو مێژووەن. بە سەر هەڵدانی شۆرشی گەلانی ژێر دەستی ئێران، گەلی کوردیش وەک گەلێکی زوڵم لێکراوە بە جۆش و خرۆشەوە لەو شۆرشە بەشداریکرد، و خومەینی پێش هەموو گەلێک بەڵێنی بە گەلی کورد دا کە لەشۆرشی بە ناو ئیسلامی ئێراندا مافی کورد پارێزراوبێت. هەر بۆیەش کوردەکانی رۆژهەڵات ئەمجارەش نیمچە بروایەکیان بەو بەڵێنیانەی خومەینی کرد. کەچی کاتێک خومەینی و ڕێژیمەکەی دەسەڵاتی تەواویان بە سەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا گرت، هێزی سوپاسی پاسدارانیان دروستکرد و یەکەم کاری هێزەکەیان هێرش بردنە سەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کە هەزاران کەس شەهید و قەتڵ و عام کرا. بە سەدان هەزارار ئاوارەو بە ناچاری دەربەدەر کران. دیسانەوە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە شێوەی شۆرشگێری لە سەر شاخەکانی کوردستان دەستی پێکردەوەو تا ئیستاشی لەگەڵ بێت هەر درێژەی هەیە. ئەم بە سەرهاتە وانەیەکە کە چی دیکە نابێت گەلی کورد وا تێبگات بە گۆرینی هەر ڕێژیمێک لە ناوچەکە ئەوە ئیدی کیشەی کورد چارەسەر بووە. من پێموایە پێوسیتە گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر

لە ئیستاوە لە تاراوگە بەرەیەکی هاوبەش دروستبکەن، هەروەها حکومەتی کاتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە دروستبکەن، بۆ هەر ئەگەرێکی پێشهات لە ناوچەکەد،ا با ئەو کات لە سفرەوە دەست پێنەکەینەوە.

* نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیران و کورد.

**وەڵام**: ڕێژیمی ئێران بێجگە لەوە وڵاتێکی دیکتاتۆر و مەترسییە بۆ سەر ئاشتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، باس لە بوونی زۆر چەکی مەترسیداری لە سەر دەکریت، هەروەها داگیرکەری خاک ونیشتیمانی چەندین نەتەوەی دیکەیە، کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە خۆراگر و بەرچاوەکان.

جاران خەبات و بەرخۆدان هەر لە ناوچە کوردستانیەکان بەردەوام بوو، بەڵام نەتەوە بندەستەکانی دیکەی وەک عەرەبی ئەحواز بەلوچ، تورکمەن سەحرایی، تورکی ئازەری وگیلەک و هی دیکە، ئەزموونیان لە خۆراگری گەلی کورد وەرگت، زۆربەشیان لە هەشتاکانی میلادی بنکەو بارەگاکانیان لە کوردستان بوو. هەر بۆیە دروستەکەی ئەوەیە کە لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دروستبکەن، بۆ بەرەنگاربوونەوە لە ئیمپراتۆریەتی فارسی لە ناوچەکەدا کە مەترسیە بۆ سەر هەموو لایەک.

* وەزعی ئێستای ئێران بە گشتی داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**وەڵام**: کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەندە خرابکاری لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە جێگەیاندووە، بە تەواوی جێی لێ خێش بووە، کێشەکانی ناوخۆیان خەریکە زیاتر دەبێت، زۆر لە ئاخوندەکان دەیاننەوێ لەم کۆتایای تەمەنی ڕێژیمەکە خۆیان پاککەنەوەو وانیشان بدەن کە گوایا ئەوان نەیاری سیاسەتی ئیستای ویلایەتی فەقێن. هەروەها دەستێوەردانی لە وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی، ئەو کردەوانەی ڕێژیم وایکردوە کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی رق و کینەکانیان بەرامبەر ئەم ڕێژیمە زیادی کردوە. هەر بۆیەش بە رەیەک بە سەرۆکایەتی عەربستانی سعودی دروستبووە. هەروەها زۆربەی وڵاتانی زلهێزی جیهانی لە کردەوەکانی ئەم ڕێژیمە تەواو بێزاربوون، جاران بەرژەوەندی ئابوری و هیدیکە وایدەکرد کە بێدەنگ بن، بەڵام ئێران هەموو سنوورەکانی سیاسی و دیپلوماسی بریوەو بۆیە تەمەنی زۆری نەماوە. بێزارییەکی یەکجار زۆر لە لایەن نەتەوە بندەستەکانی وەک کورد، بەلوچ، عەرەبی ئەحواز، تورکمەن سەحرایی، گێلەکی، ئازەری و هیدیکە دروستبووە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی نزیک بە٤٠ ساڵ تەمەنیان هەزاران بەڵێنی درۆیان بە گەلی کورد و گەلانی دیکە داوە، بە تایبەت لە کاتی سینیارێوی بە ناو هەڵبژاردندا. ئیدی گەلی کورد و گەلانی دیکە تەواو لەم ڕێژیمە بێزارن و چاوەروانی هەر پێشهاتێکی پشتیواندارن، تا برژێنە سەر شەقام و رق و کینەی ٤٠ ساڵەیان بەم ڕێژیمە برێژن.

هەروەها لێكدانەوەیەكی دیكەش هەیە، كە دەڵێن هیچ ڕێژیمێكی دیكتاتۆری لە ناوچەكە تەمەنی لە ٤٠ ساڵ زیادی نەكردوە، ئەوەی ئێرانیش ساڵێكی و شتێكی ماوە بۆ ئەو ٤٠ ساڵە.

### ⁕ ئیدارەی سیاسیی ئێرانی لە داهاتوو؟

**وەڵام**: من پێموایە تا بوونی فارس لە دەسەڵاتدا هەبێت هەرگیز دان بە مافی هێچ نەتەوەیەكی دیكەدا نانرێت، هەر بۆیە ڕێژیمەكانی پێشوو ئێستا و داهاتووش هیچ دڵخۆشییەكی بۆ نەتەوەكان بە تایبەت كورد نییە. ئیدی نابێت جاریكی دیكە كورد فریوی قسەی ئۆپوزوسیونەكانی ئێستای بە ناو دژی كۆماری ئیسلامی لە تاراوگە ببن. ئەوان زۆر توندتڕن لە كۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاست مافەكانی چارەی خۆنووسی گەلی كورد و گەلانی دیكە. هەر ئەوانەی بە ناو ئۆپوزوسیونن نە تەمەنی خەباتیان بە قەت خەباتی گەلی كورد، نە ژمارەی ئەندامیان بە قەت ئەندامانی حیزبەكانی كوردییە، نە ژمارەی شەهید و قوربانیەكانیان، كە چی لە تاراوگە وەک حكومەت و خاوەن دەسەڵات بە سەر كورددا خۆیان نیشان دەدەن، زۆر زۆر بە داخەوە هیندێک لایەنی كوردیش زۆر لێیان دەچنە پێشەوە ئەوانیش بە كەمبوودی وەردەگرن.

### ⁕ دروشمی روخانی ریژیم

وەڵام: من پێموایە كێشەی كورد تەنیا پێوەندی بەرووخانی ڕێژیمە داگیركەرەكانەوە نییە، چوون زۆر گۆرانكاریمان لەو ڕێژیمانە دیتووەو كە هاتوونەتە سەر حكوم لە ڕێژیمەكەی پێشووتریان خراپتر بوون، نموونەی ئێستای بەغدا كە لە پاش ڕێژیمەكەی بەعسی ئیراق و هاتنە ئارای ئێراقی نوێ، كە چۆن بە سەرپەرەستی ئێران دژایەتی كورد دەكەن، ئەگەر تۆ ! هاتنە سەر كاری ڕێژیمەكانی نوێ بە دیموكراتی ناو ببەی و خۆت بكەی بە هاوبەشی ئەو ڕێژیمە، ئیدی كە باس لە دیكتاتۆریەتی بكەی پشتیوانی نێونەتەوەیی لە دەستدەدەی، بە بۆچوونی من كێشەی خۆمان تێكەڵ بە كێشەی رووخان یا گۆرانكاریی لە ڕێژیمی فارسان نەكەین، ئەگەر هەر زۆر فشاری نێونەتەوەییمان لە سەر بێت بۆ مانەوە لەگەڵ ڕێژیمی داگیركەر، لانیكەم و بە ناچاری بۆ ماوەیەكی كاتی بە كۆنفیدراڵی لەگەڵیان بمێنینەوە.

### ⁕ بەرەی كوردستانی لە رۆژهەڵاتی كوردستان

**وەڵام**: بەرەی كوردستانی بۆ رۆژهەڵات لە سەرەوەی هەموو پێویستییەكانی ئەمرۆیی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە. دەیانساڵە هەر لایەنە و لای خۆیەوە باسی ئەكات، بەڵام كەس بە كردەوە هەنگاوی بۆ نانێت. هەر كەسەو بیانوویەک دەدۆزێتەوە. لەو ماوە زۆر هەوڵدرا بەڵام بە داخەوە هەوڵەكان تا ئێستا نەزۆک دەرچوون. هیچ گوومان لەوەدا نییە كە دەبێت رۆژێک لە رۆژان ئەو بەرەیە پێكبهێنرێت، بەڵام باشتر وایە لە تاراوگە ئەو بەرەیە دروستبكرێت، بۆ ئەوەی هەر گۆرانكارییەک هاتە



سەرچاوە Serchawe

ئاراوە بە پەلە کۆنەبینەوەو بیر لە شتی هاوبەش بکەینەوە، یا خوای نەخواستە پێچەوانەکەی روو نەدات و شەری نـاوخۆیی لێ بێتەوە. بەو هیوایە یەکێک لە حیزبە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خۆیەوە بە دڵێکی کراوە تـر مێژوویەک بۆ خۆیان تۆمار بکەن، و لە بارەگای خۆیاندا میوانی و بانگەشە بـۆ پێکهێنـانی بەرەیەکی گشتی بـۆ رۆژهەڵاتـی کوردستان بکەن.

جـارو بـار دەبیسـین و دەبینـین کە برێـک لایەن کە هینـدێک خـاڵی هاوبەشیان هەیە پـێکەوە کـۆدەبنەوەو باسـی خـاڵی هاوبەشیان دەکەن، بەڵام چەندین لایەنی دیکە هەیە پشتگۆیی دەخەن و باسی لێوە نـاکەن، ئەو فەرهەنگی پشـتگۆی خسـتن و بە کەمزانین لایەنی دیکە ئەزموونی خرابی هەبوو لە مێژوودا، هەروەها کاردانەوەی خرابیشی لێ دروست دەبێت، کە گەل و شەقامی کوردی پێی بێزار دەبەن.

## ⁕ پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**وەڵام**: من لەو بروادا نیم کە هیچ کوردێک حەز بکـات بە چەک و سـەربـازی بـۆ گەرانەوەی مـاف و خـاکەکەی خەبـات بکـات، بەڵام وڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز ئاشتیخواز و ئەهلی دیـالۆگ نییە، نـا ئـارامی و ئـاژاوەگێری ئەو رێژیمە بووەتە هۆکار ناچارکردنی هەڵگرتنی چەک هەڵگرن و شاخەکانی کوردستان بکەنە قەڵغـانی خـۆ پاراستن لە پەلامارەکـانی داگیرکەرو دوژمن. هینـدێک لایەنـی سیاسی لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بریـاری هەڵگیرسـانەوەی خەبـاتی چەکدارییان داوە. و ئەووش پێوەندی بە سیاسەت و بریاری خۆیانەوە هەیە.

بەڵام بە بۆچـوونی ئـێمە لە ئیسـتـادا و لە بـواری تەکنیکـی نیـزامییەوە نـاردنەوەی پۆلێـک پێشـمەرگە بـۆ نـاو رۆژهەڵاتـی کوردستان، بە بوونی ئەو هەموو ئامێرە سەربازی و جاسووسیەی رێژیم لە ناوچە کوردییەکاندا، و پێشکەوتنی تەکنولۆژیـا و بڵاو بوونەوەی تەلەفونی زیرەک لە هەموو شۆێنێکی کوردستان. کاری وایکردوە کە ئاسانکاری بۆ دەزگـا سیخورییەکانی رێـژیم دروسـتبکات. رێـژیم و نـۆکەرانی زۆر زوو شـۆێن و پێـی پێشـمەرگە دەبینـنەوە. هەر وەک دیتمـان لەم ٣ سـاڵەی ئـاخرەوە کە پێشـمەرگە هـاتووچۆی ناوخۆیـان کـردوە، مخـابن ئەگەر بەراوردی بکەیـن بە دەسـتکەوتی سیاسـی و سـەربازی، ژمـارەی شـەهیدەکان زیـاتر بـووە. جـا بـۆیە پێمـوایە ئەو حیزبە بەرێـزانە پێـداچوونەوە بەو شێوە خەباتەیـان بـکەن و هۆکـاری ئاشکرابوونی شۆێنی پێشمەرگە لە ناوخۆ لە چیدایە، بۆ ئەوەی جاریدیکە کارەساتە دڵتەزێنەکان دووپات نەبنەوە.

## ⁕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران؟

**وەڵام**: لە ناو ئێراندا شتێک بە ناو هەڵبژاردن بە ماناو مەفهوومە سیاسی و دیمۆکراتیەکەی بوونی نییە، کۆمـاری ئیسلامیی

ئێران لە سەر سیستەمی ویلایەتی فەقیێ دروستبووە، تا ئەو ڕێژیمەش تەمەنی هەبێت هەر بەو سیستەمەش درێژە بە حوکمداری خۆی دەدات، ئەو شێوە سیستەمەش هەرگیز ناتوانێت گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، یا گۆڕانکاری بەرەو ڕەوتی دیمۆکراتی و مافی خەڵک دروستبکات. ئەوەی کە بە ناو هەڵبژاردنە هیچ بنەمایەکی دیمۆکراتی و مافی شارۆمەندیی تێدانیە. تەنیا ڕێگە خۆشکراوە بۆ کۆمەڵێک کەسی تایبەت بەخۆیان کە لە ژێر ناوی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی هەرکام لەو کەسانە مەبەستەکانی ڕێژیم جێبەجێ دەکرێت. هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک سەر بە ڕێژیم یا دەزگا ئەمنییەکانیان نەبن بە هیچ شێوەیەک قبووڵیان ناکەن خۆیان بپاڵێون، هەر کاندیدێک دەبێت لە ڕێگەی؛ فیلتەری جیاوازی ئاخوندانەوە پێداچوونەوە بۆ پەسەندکردنیان بکرێت، جا ئەو کات بە ئەرێنی یا نەرێنی وەڵامیان پێدەدرێتەوە. هەروەها قەدەغەبوونی هەر لایەنێکی سیاسیش کە لە ژێر سێبەری ویلایەتی فەقیێ نەبێت، ئەمانە هەموو بەڵگەی بەرچاو حاشا هەڵنەگرن. هەر وەک دەبینین کە جیاوازییەکانی سەرۆککۆمار بە دوای یەکدا ئەوەیە  کە ژمارەی لە سێدارەدانەکان و هەژاری و نەداری لە پێشووتر زیادتر دەبێت، وەک دوا نموونەش بە هاتنی حەسەن ڕۆحانی بە هەمان شێوە هەر لە ساڵی یەکەمەوە ژمارەی لە سێدارەدانەکان زیاتری کرد، بگرە کوشتنی کۆڵبەرانیشی پێوە زیاد بووە. ئەوانەش کە پۆستی سەرۆککۆماریان پێدەدرێت ناتوانن سەربەخۆ دەسەڵاتی خۆیان بە کاربێنن، هەموو شتێکیان لە لایەن مەجلسە تایبەتەکانیان بۆ دیاری دەکرێت و بێپرسی ئەوان هیچ شتێک پێش ناچێت. کەوابێت هیچ سەرۆکێک ناتوانێت خۆی بڕیار بدات، و تەواوی ئەو قسانە پێش هەڵبژاردن دەکرێت تەنیا بۆ ڕاکێشانی خەڵکە بۆ سەر سندووقی دەنگدان.

### ⁕ وتووێژ و دانوستاندن؟

وەڵام: ڕوونبووەتەوە کە ئەم ڕێژیمە هەرگیز ئەهلی دیالۆگ و دانووساندن لەگەڵ نەیارانی ڕێژیمەکەی خۆیدا نییە، تەنیا پێشەی ترور و کۆشتن و کۆسپ دروستکردنە لە سەر دیمۆکراتی وئاشتی، من بە داخم کە جار و بار هیندێک کەسایەتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی ئاشتی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە دەکات، یا بیر لەوە دەکاتەوە کە سەنگەری خەبات بە مەدەنی ببرێتە تاران؛ نازانم ئەم جۆرە بیرکردنەوە لە سەر ئەساسی کام خاڵی باشی کۆماری ئیسلامی سەریهەڵداوە تا بەو شێوە بیری لێبکەینەوە، کوردیش زۆر نموونەی ناخۆش و دڵتەزێنی لەگەڵ ئەم مرۆڤکوژانە و لە ژێر ناوی دانووساندن هەیە، نابێت ئەو ئەزموونە تاڵانە جارێکی دیکە دووپات ببنەوە.

### ⁕ خەباتی مەدەنی میکانیزم و میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی؟

وەڵام: مێژووی هەر نەتەوەیەکی وڵاتداگیرکراوی  پێشووی ئێمە لە جیهاندا، فێری زۆر ئەزموونی کردوین، کە خەباتکردن

بەرامبەر بە داگیرکەر تەنیا کاری لایەنە سیاسی و سەربازیە کوردییەکان نییە، بگرە کۆمەڵگای مەدەنیش دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی هەبێت بۆ فشاردروستکردن لە ناوخۆدا. من پێموایە دەبێت هێزە کوردستانیەکان پشتیوانی تەواو بکەن لە خەباتی مەدەنی و هاوکار و هاندەریان بن. وەرزشکاران، پزشکان، پیشەسازان، ئەندازیاران، ڕۆشنبیران، هەر کام لەوانە دەتوانن بە دروستکردنی سەندیکای تایبەتەوە هەمیشە بە شێوەیەکی مەدەنی فشار بۆ ڕێژیمی داگیرکەر بێنن بۆ باشترکردنی بواری ژیانیان. پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە شێوەی خەباتی مەدەنی باشترین ئاسانکارییە بۆ دروستکردنی نەوەی سەربەخۆخواز لە داهاتوودا.

## * تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد؟

**وەڵام**: وەک لە سەرەوە باسمان کرد، کە ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە هەوڵی تیرۆرکردنی سیاسی و ئازادیخوازانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بووە، لە کوردستان کردەوەی تیرۆریستی یەکجار زۆری ئەنجامداوە، کە بەرچاوترینیان٢ سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەهیدان دوکتۆرعەبدولرەحمانی قاسملوو کە لە ١٩٨٩ لە ڤیەنای پایتەخیی ئوتریش، زۆر نا مرۆڤانەو لە ژێر ناوی دانووساند ترۆر کران، و پاشان بە سەودای دوو لایەنانە بکوژان ڕادەستی ڕێژیمی ئێران کرانەوە. هەروەها شەهید دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی. کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، بە دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی و بە سەرپەرەستی ڕاستەوخۆی تاوانبار عەلی فەلاحیان وەزیر پێشووی دەزگای داپڵۆسێنەری (ئیتلاعات) ی ئێران ترور کران، کە بە هۆی لێهاتووی و پێداگری و دادوەری بەرلین، ئەوە بوو کە دادگا بکوژانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد و حکومی بە سەردا سەپاندن، بە شێوەی غیابی ئەو سەرکردانەی ڕێژیمیش کە دەستیان لەو تاوانە هەبوو حوکمدران، مووڵەتی هاتووچۆیان بۆ دەرەوە لێقەدەغەکرا، وەک ئابرووچوونێکی ڕێژیم لە ئاست جیهان دەنگی دایەوە.

## * هۆکاری جیابوونەوە و دابرانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و میکانیزمی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەیان؟

**وەڵام**: ئەوەی کە من لە تەمەنی سیاسی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیتوومە، هیچ جیابوونەوەیەک هۆکاری سیاسی نەبووە، مەسەلەن لایەنێک ڕاست نەبووەو لە باڵی چەپ جیابووبێتەوە یا هەر ئایدولووژیایەکی دیکە، هەموو کێشەکان پێکەوە نەسازان بووە، یا فلان سەرکردە حەزی لە فلان نەکردوە، یا ناوچەگەرایی لە ئاستی دەسەڵاتی سەرەکی حیزبەکان، هەر یەکەو بۆ خۆی گروپێکی بە دژی ئەو دروستکردووە لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانیان بەرامبەر بە یەک بە کاریان هێناوە. بەو هیوایە یەکگرتنەوە لە نێو لایەنەکان بە تەواوی و بە کردەوەیی بێتە ئاراوە.

* هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە بەرژەوەندیی کورد دایە؟

**وەڵام**: ئەوانەی کە خۆیان بە ئوپوزوسیونی سەرتاسەری ئێرانی دەناسن بیروبۆچوونیان سەبارەت بە گەلی کورد و مافی چارەی خۆنووسی لەگەڵ ڕێژیمی ئیستای ئێران هیچ جیاواز نییە، هەموویان بەو شەرتە کوردیان قبووڵە، یا وەک بەزەیی باسی تۆزێک خودموختاری بۆ کورد دەکەن کە کورد خۆی بە ئێرانی رەسەن بزانێت. ئەگەر بلێی نەتەوەیەکی جیاوازم یەکسەر بەرامبەرت هەڵویست دەگرن، وەک نموونە لە ماوەی ٢ حەوتوو ی پێشوودا من لەگەڵ گۆڤار و تەلەفزۆێنێکی عەرەبی لە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان چاوپێکەوتنم هەبوو، باسی جیاوازی نەتەوەتت و ژمارەی کوردی ڕۆژهەلات و پێکهاتەی جۆگرافیاییم کردبوو، یەکسەر کەسێک کە هەمیشە خۆی بە دۆستی کورد دەزانێت و سەرکردە کوردەکانیش زۆر بە شاخ و باڵێدا هەڵدەدەن و بگرە تەلەفزۆێنەکانی خۆشیان خستبووە ئیختیاری، بە توندی وڵامی منی دایەوە، داواش لە سەرکردەکانی کۆمەڵەکان و دیمۆکراتەکان کردبوو کە بەرامبەر ئەو بۆچوونەی من هەڵویستیان هەبێت، ئەمە نموونەی پیاوە هەرە چاکەکانیان. بۆیە لە دیدی منەوە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشترە کە گرنگی بە پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی بندەست لە ئێران دروست بکەن، نەک لایەنە سەرتاسەری خوازەکان.

* سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

**وەڵام**: کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونییەوە بیری لەوە کردوەتەوە کە چۆن ئیمپراتۆری شیعەی فارسی لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دروست بکات، پرۆژەیەکیان هەبوو بە ناوی پرۆژەی ٥٠ واتە تا ماوەی پەنجا ساڵ دەست بە سەر چەندین وڵاتدا بگرن. کە ئیستا دەسەڵاتیان بە سەر٤ پایتەختی وڵاتی عەرەبیدا هەیە و بەردەوامیش لە هەڵکشاندان. هەرچەند وڵاتانی عەرەبی دێر هەستیان بە مەترسیی ئەم ڕێژیمە کردوە لە سەر ئەمنیەتیان، لە دەوری هاوپەیمانیەکدا پێکەوە خەریکی بەرگری کردنن لە دژی ئیمپراتۆری فارسی. ئێران هەمیشە دەیەوێت لە وڵاتانی ئیسلامی و دەورو بەری کێشەی گەورە دروست بکات، بۆ ئەوەی جیهان و دەوروبەر بەو شۆێنانەوە سەرقاڵ بکات، تا بیر لە ستەمکارییەکانی خۆیان نەکرێتەوە. یەکێک لەو وڵاتانە کە بە ئاشکرایی هوژمونی ئێرانی پێوە دیارە، هەر لەو ڕێگەشەوە دەیانەوێ گوایا لە پەرلەمانی بەغدا کە دەنگی زۆرینەی شیعەکان لە بەرژەوەندی ئێراندایە، یاسایەک پەسەند بکەن، کە ئاستەنگی بۆ سەر لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دروست بکەن. بەس من لەو بروادا نیم کە سەرکردایەتی کورد لە باشور ئەوە قبووڵ بکەن. نە کوردی ئیستا کوردی جارانە، نە کوردیش وەک جاران ئەوەندە بێکەسە.

## چەند پرسیاری گشتی:



سەرچاوە
Serchawe

### * گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی نەتەوەی کورد لە گۆرانکاریانەدا؟

**وەڵام**: بێگومان هەر سەدساڵ جارێک گۆرانکاری لە ناوچەکە دروستبووە، چەندین وڵاتی نوێ دروستبووەو چەندین وڵاتی دیکەش لەتکراوە. وا سەد ساڵیش بە سەر ڕێکەوتننامەکەی سایکس بیکو تێپەڕیوە، کە ئەو ڕێکەوتننامە قازانجی بۆ زۆر نەتەوە هەبووەو، زیانیشی بۆ زۆر نەتەوە هەبووە کە کورد یەکێک لەو نەتەوانە بوو لەو ڕێکەوتنامەیە جارێکی دیکە دابەشکرایەوە. ئیستا باس لە سەر نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، و چەندین جاریش لە ڕۆژنامە گرنگەکانی جیهان هەم باسی لێوەکراوەو هەم وێنەی دیزانیی بڵاو کراوەتەوە، کە لە نەخشەدا ناوی کوردستان بە زەقی بە دیدەکرێت. تاوانێکی گەورە دەبێت کە ئەگەر لەم گۆرانکارییە نوێیەدا کورد جارێکی دیکە پشتگوێ بخرێت، تاوانی لەوە گەورەتر ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی نەزانێ لەم گۆرانکارییە نوێیەدا کەڵک وەرگرێت. ئەگەر دەیانساڵی پێشوو وترابێت کە کورد کادیری خوێنەوار و پشتیوانی نێونەتەوەیی نەبووە، بەڵام خۆ ئیستا دیپلوماتکاری زۆر گرنگی هەیە، دۆست و پشتیوانی زۆر وڵاتی جیهانی هەیە. ئیستا پرۆسەی ڕیفراندۆم لە باشوری کوردستان باشترین ڕێگە خۆشکردنە بۆ دەوڵەتێک یا چەند دەوڵەتێکی کورد لە ناوچەکەدا. بەو هیوایە گەلی کورد لە باشور بە خرۆشەوە لەو پرۆسە بە بەڵێ بەشداری بکەن و دەنگ بدەن. هەروەها بە خۆشحاڵیەوە کە زۆربەی لایەنەکانی کوردستان پشتیوانیان لە هەموو بوارێکدا لەو پرۆسە کردووە. لە ئیستا کە من خەریکی وڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێزتانم چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ ٢٥ /٩/ ٢٠١٧ کە وەک ڕۆژی بەرێوەچوونی ڕاپرسی و ڕێفراندۆم بۆ باشوری کوردستان دیاریکراوە، کە لەو ڕۆژەدا گەل لە ٢ بۆشایی سەر کاغەزێک لە ژێر ناوی (بەڵێ) و (نەخێر) خەت بە یەکیاندا بخشێنێت، بۆ ئەوەی چارەنووسی سەدانساڵەی خۆی یەکلا کاتەوە. ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت نزیک بە٩٠ % خەڵکی کورد خەت بە سەر بەڵێدا بخشێنن. بەڵام بەداخەوە هەروەک ڕووداوەکانی مێژووی پێشووترمان دیسانەوە هەر لە خۆمان کەوتووینەتەوە لێدان لە خۆمان، وا خەریکە شک وگومان و کۆسپ بۆ ئەم دەسکەوتەی دیکەمان دروست دەکرێت، و لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر هەرەشەی هەڵبژاردنی نەخێر دەکرێت، و گلێێ سەیرو سەمەرە بە شێوەی خوارەوە دەنووسن و دەبینین.

یەکێک دەڵێت من نەخەیر هەڵدەبژێرم چوون سەرۆک بارزانی سەرپەرەستی ئەو کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ٢٧١٧ی کوردی بەرامبەر بە ٧ - ٦ - ٢٠١٧ی زایینی، کردوە؟. یا یەکێک دەڵێت ئێمە یەکەم لایەن بووین باسی سەربەخۆیمان کردوە، بەڵام ئیستا دەنگ بە نەخێر دەدەم چوون لایەنی دیکەی پێی هەستاوە. یا یەکێک دەڵێ مووچە نییە و خۆمان هیچ بەرهەمێکی خۆماڵێمان نییە.

زۆر کاک و خوشکی دیکەش هەر یەکەو بە جۆرێکی دیکە رق و کینە پێشاندەدەن و بەڵێنی نەخێر دەردەبرن و هێرشدەکەنە سەر ناوەرۆک و دەسکەوتی پرۆسەکە. بگرە کەمپین و کاناڵی ڕاگەیاندنیش بۆ دروستکردوە. ئەمە لە مێژووی هیچ نەتەوەییەکی جیهاندا کە ئەوەندە شەهید و ئەنفال و جینووسایدی بە سەر هاتبێت نەبووەو نییە.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ کەس حەقی گلێی نییە، یا قسەو گلێی و نووسینی ئەو بەرێزانە بەرامبەر بە دەسەلاَت و سیاسیەکانی باشوری کوردستان ڕاست نییە. بەلاَم هەموو گلێی و قسەو قسەلۆکێک نابێت بخرێتە سەر تەرازوویەک، بەرامبەر بە هەلێکی پێشهاتووی وەک ڕێفراندۆم وەک هەرەشەی بارسەنگی بەکار بهێنرێت، ئەو ڕێفراندۆمەی کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ سەربەخۆیی، کە ئاواتی سەدانسالەمانە، بۆ ئاکامی خەباتێک کە سەدان هەزار شەهیدمان بۆیداوە؟.

ئایا کە گەلانی دیکە کە سالاَنی پێشوو ڕێفراندۆمیان کرد و جیبابوونەوە هەموویانلە ناوخۆیاندا یەکگرتوو بێ کێشە بوون؟، بێگوومان نەخێر، هیچ گەل ونەتەوە نییە لەم جیهانەدا کێشەی ناوخۆیی نەبێت، بەلاَم کاتێک کار گەیشتە بەرژەوەندەی نەتەوەیی ولاَتەکەیان، هەموویان پێکەوە دەنگیان بە بەلێدا و سەروەری خۆیان ڕاگەیاند، کاتێک بوون بە ولاَتی سەربەخۆ بە پێی تێپەربوونی کات و زیاتر شارەزابوونیان کێشەکانی خۆیان لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و خزمەتگوزارییەوە چارەسەر کرد. هیچ شک و گومان لەوەدا نییە کە باشوری کوردستانیش لە نێو چەندین قەیرانی سیاسی و ئابوری و کێشەی سنووری جوگرافییدایە، کە چەندین دەزگای داپلۆسێنەرو گروپی تروریستی ولاَتانی داگیرکەری کوردستان دەوریان داوە و کێشەی بەردەوام بۆ دروستدەکەن، ئەمانە هەموو بە لایەک بەس نەبوونی دەولەتی سەربەخۆ گەورەترین قەیرانە کە بە درێژایی مێژوو لەگەلتا دەبێت.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا هەتا هەتایە لە بن دەستی ئەم داگیرکەرانە بمێنینەوە هیچ گۆرانکارییەک یا پێشکەوتنێکمان لا دروست دەبێت؟، یا بە پێچەوانەکەی! مانەوە لە ژێر دەسەلاَتی داگیرکەران و وەرگرتنی پۆستی دیکۆری پرمووچەیی بێدەسەلاَت، وا دەکات کە بیری نەتەوەیشمان لاواز بێت، گەلۆ خەریکە کەم کەم ڕەگ و ڕیشەی تێکۆشەرە ناودارەکانیشمان دەکەینە عەرەب و فارس و تورک؟. ئایا دوای دەیانسال خەبات و تێکۆشان و شەهیددان و مالوێرانی، لە ژێر ناوی ئێرانێکی فیدرال و تورکیای دیموکراتی و ئێراقی فیدرالی، هیچ چارەسەرو پێشکەوتنێکی بۆ دروستکردوین؟. بە دلنیایەوە چارەسەری هەموو کەم و کورییەک کە ئەمرۆ لە باشور و بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە؟ تەنیا سەربەخۆییەو بریاری خۆبەرێوەبەرییە لە ژێر ئالاَو دەسەلاَتی کوردستانی، ئەو کات نەوەی نوێ و ئەزموونی نوێ وامان لێدەکات کە بە پەلە گۆرانکاری لە خۆمان دروست بکەین و کێشە جۆراوجۆرەکانمان چارەسەر بکەین.

بە بۆچوونی من هەر لایەنێکی سیاسی یا هەر کەسێک لە ڕێفراندۆمدا دەنگ بە بەلێ نەدات، لە ئاست مێژوو نەتەوەکەی وخەباتی چەندسالەی خۆی زۆر غەدر دەکات، ڕۆژانێک بۆ خۆی بە دەم ئەو کەمتەرخەمییەوە عەزاب دەچێژێت. دروست وایە کە با هەموو ڕق و کینەیەک بەرامبەر بە یەک بخەینە لایەکەوەو مەسەلەی ڕێفراندۆم و دەنگ بۆ سەربەخۆیی نەکەین بە موڵکی کەس و ڕق ڕقانە بە کار نەهێنین.

*** ئایا پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟**

**وەڵام**: من پێموایە ئەوە دەستەواژەیەکە کە هەمیشە بە کار دەهێنرێت بۆ ساردکرنەوەی گەلی کورد، بۆ ئەوەی کە بیر لە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی نەکەنەوە. هەموو نەتەوەکانی جیهان دەوڵەتیان پێکهێناوە کە لە هەموو وڵاتێکیش نەتەوەی سەرەکی هەیە و دیارە.

هەروەک ئاگادارن کە عەرەب هەر یەک نەتەوەیە بەڵام هیچ کە خاوەنی٢٢وڵاتە، کە چی فەلەسەتین کە لەگەڵ وڵاتانی ئوردون و لوبنان و سەریا پێکەوە یەک وڵاتیان هەبوو بە ناوی بیلادی شام، ئەوانیش بوون بە ٣ وڵات و فەلەستینیش لە هەوڵدایە بۆ دروستکردنی وڵاتی چوارەم هەر لە بیلادی شام. ئیدی ئەم دەستەواژە بۆ تەنیا بەرامبەر بە کورد بە کار دەهێنرێت.

*** ئەرکی حیزب و رێکخراوە سیاسەیە کوردستانیەکان لەم هەلومەرجە دا و ئاستەنگەکانی سەر رێگای چارەسەری مەسەلەی کورد؟**

**وەڵام**: دروستکردنی یەکریزی ماڵی کورد، دروستکردنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردی، کە بریاردەری سەرەکی کورد بێت بۆ هێلە گشتییەکان. کە خاوەنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بیت، ئەو کات جیهانیش بە قورسایی تەماشامان دەکات و ئاستەنگەکانی سەر رێگەی چارەسەری کورد کەم دەبیتەوە.

*** پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی کورد لەدەرەوەی وڵات لەچ ئاستێک دایە؟**

**وەڵام**: وەک لە پرسیاری دیکە باسم کرد، کە کورد ئیستا لە ئاستێکی زۆر گرنگدایە لە جیهاندا.دەنگ وناوی کورد بە ئاسانی بۆ هەموو مرۆڤێکی ئوروپی و ئەمریکی و جیهانی ناسراوە، ئیدی داوکاری مافە رەواکانیشیان بۆ جیهان شتێکی نامۆ نییە. سەردەمانێک لە نیوسەدە پێشدا ووتەیەک هەبوو کە دەگووترا کورد هیچ کەسی نییە وتەنیا شاخەکانی خۆی دۆستێتی و دەیپارێزێت، بەڵام ئیستا سەردەم گۆراوە واقعیەتی کورد وەک گەلێکی ئاشتیخواز بۆ جیهان روون بووە. بەتایبەت لە ٢٠١٤ بۆ سەرەوە کە کورد چۆن تووشی ئەو شەرە ناحەقەی داعشی گەورەترین گروپی تروریستی جیهانی بوو، ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە دۆستێکی زیاترمان لە جیهان بۆ دروست بێت. بێگومان لە هەرکۆییەک دۆستێک بۆ کورد هەبێت بۆ هەموو بەشەکان بە یەکچاو سەیر دەکات و هەمان دۆست دەبێت بۆ ئێمەش.



سەرچاوە
Serchawe

٭ پرسی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد، ئاستەنگەكانی دەرەكی و ناوخۆی؟

**وەڵام**: ئەوە ئەركێكەو دەبێت هەرچی زووترە پێك بهێنرێت و چارەسەریش بۆ ئاستەنگی و ڕێگرییەكان ببینرێتەوە. كورد لە سەردەمی ساڵانی پێشوو ئێستادا: سەردەمانێك كە گەلی كورد بەو پەری بێبەزەییانە لە لایەن ٤ دەوڵەتی دراوسێ و داگیركەری ئێراق و ئێران و توركیا و سوریا بەتووندەی دەكوژراو ماڵوێران دەكرا و بەندی دەكرا، زۆر بێكەس و بێ پشتیوانی جیهانی بوو، دەنگی مەزڵوومیەتی كورد بە هیچ كۆی جیهان نەدەگەیشت. لەو سەردەمانە بە هۆی زالمی و درندەیی وڵاتانی داگیركەر هیچ كام لە وڵاتانی جیهانی نەیاند دەویست لە بەر ئەوان خۆیان لە كورد نزیك كەنەوە، وەك حكومەت و دەسەڵات هیچ پشتیوانیەكیان لە دۆزی كورد نەدەكرد، كێشەی كوردیان بە كێشەییەكی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە باسیان لێوەر دەكرد نەك كێشەیەكی نەتەوەیی. بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی لاوازبوونی وڵاتانی داگیركەری كوردستان و بەهێز بوونی دەسەڵاتی كوردی لەئاست جیهاندا، دڵخۆشییەكی زۆر لە بەرامبەر دۆزی كورد بە دی دەكرێت. بەردەوام لە ڕۆژنامە و میدیا گرنگەكانی جیهانی باسی هەوڵەكانی كورد بەرەو دیمۆكراسی و بەرە و سەربەخۆیی و بەرەو خۆئیدارەكردن بڵاو دەبێتەوە. لە كۆنگرەو كۆبوونەوە گرنگەكانی جیهانی كورد بە جیا لە دەوڵەتانی داگیركەر بانگهێشت دەكرێت. هەر نوێنترین نموونەش بانگهیشتكردنی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە كۆربەندی ئابوری بیترۆسبۆرگ، كە هاوشانی دەیان سەرۆك و سەرۆكوەزیرانی چەندین وڵاتی مەزنی جیهانی بوو.

بە گشتی كورد دەبێت خۆی بۆ گۆرانكارییەكانیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئامادە بكات، هەلومەرجی ئێستای ناوچەكەش جارێكی دیكە ڕێگەخۆشكەر نابێت بۆ ئەوەی داگیركەرانی كوردستان وەك جاران بە ویستی خۆیان كورد بچەوسێنەوە. ئێستا كورد مۆرەی گرنگی یارییەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە.

كۆنگرەی نەتەوەیی كورد كە ئەو باس و خواستە كە نزیك لە ٣٥ ساڵ پێشەوە كورد و كوردستانیان چاوەڕێیان دەكەن. وێرای ئەوەی لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵە چەندین جار باسی لێوەكراوەو دووبارە باسەكە ڕاگیراوە. دروستكردنی ئەم جۆرە كۆنگرەیە ماناو تێگەیشتنی خۆی لە زۆر بواری جیاوازی جیهانی و كوردستانی و وڵاتانی داگیركەریشدا دەبێت. خوێندنەوەیەكی زۆری جیهانی بە تایبەت سیاسەتوانانی وڵاتانی داگیركەری كوردستانی لە سەر دەكرێت. هەروەها لە ئاست جیهاندا كورد بە چاوێكی یەكگرتووانە و خاوەن نەتەوەی یەكبریار و یەكهەڵوێست چاوی لێدەكرێت. وەك نەتەوەیەكی زیاد لە ٥٠ ملۆینی جیهانی هەڵسوكەوتی لەگەڵدەكریت. چیدیكە وەك نەتەوەیەكی لەتكراو و جێماوی جیهانی بە چاوی بەزەییەوە نابینرێت.

دیپلوماتیەتی کورد لە پاش ئەم کۆنگرە یەکگرتووتر و بە هێزتر دەبێت و پشتیوانی زیاتری دۆزی کورد لە ڕێکخراوە مەزنەکانی جیهانی بۆ خۆی کۆدەکاتەوە. دەتوانین بە ڕوونتر ئاماژەی پێبکەین کە لە پاش کۆنگرەی نەتەوەییەوە کورد دەتوانێ لە نێو وڵاتانی ئوروپایی و یەکێتی ئوروپاو بەشدارییەکی زۆر باشی هەبێت.

**⁕ میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان؟**

**وەڵام**: داگیرکەرانی کوردستان هەرگیز خوازیاری ئاشتی نەبوون، هەمیشە ئەگەر باسێکیان لە ئاشتی کردبێت ویستیویانە زەربەیەک لە کورد بدەن، هەر لە تیرورکردنی سمکۆی سمایل ئاغا تا دوکتۆر قاسملوو مێژوو شایەتی ناڕاستی ئەم ڕێژیمانەیە. ئەوەتە تورکیاش هەموو چالاکوانانی مەدەنی و پەرلەماتارانی هەڵبژێراوی خەڵک کە بە پێی یاسای تورکیا بەشدارییان کردوە، لەبەر ئەوەی کوردن و پارێزەری لە مافی خۆیان دەکەن، بیانوویان بۆ دیتوونەتەوە و ڕاپێچی بەندیخانەیان کردون. تەنیا چارەسەری ئەوەیە بە هەر نرخێک بێت بە یەکجاری دەوڵەتی سەربەخۆ ڕاگەیانیت و لە ژێر چنگی داگیرکەر خۆت نەجات بدەی. بێگومان ئەوەش بێ خوێندان و ناخۆشی چێشتن نابێت، بۆ بچووکترین داواکاریش لە دەیەکانی پێشوودا ڕووبەڕووی هەمان کێشە بووینتەوە، بەڵام هەر کۆڵنەدراوە. بە دڵنیاییەوە بۆ سەربەخۆیش ئەگەر کۆڵنەدرێت ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە وڵاتانی جیهانی دانی پێدا بنێن و ڕێ نەدەن بە داگیرکەران چی دیکە شەر و ئاژاوە بخەنە ناوچەکەوە.

**⁕ چەپی کورد و ئاکامی خەباتی بێوچانی چەپەکانە؟**

**وەڵام**: بە بۆچوونی من چەپگەرایی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ لاوازکردنی بیری نەتەوەیی لە کوردستاندا. هەروەها بۆچارەسەری کێشەی گەل و نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد، ئوتوونۆمی و لامەرکەزی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران بە دروستزانراوە، بیری نەتەوەیی و ناسیونالیستی کوردییان بە خراب پێناسە کردوە.

**⁕ سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا؟**

**وەڵام**: بە بۆچوونی من ئەو بیرۆکەیە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان نەیتوانی جێ بگرێت، هەرگیز لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێ ناگرێت. زۆرینەی شۆرشەکانی گەلی کورد لە ماوەی ٨٠ ساڵ پێشدا بە بیرۆکەی سوسیالیزم دەستی

پێکردو، دیتیان کە گەڵ پێشوازی لێناکات، ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ سەرەوە چەند % لێیّ کشانەوە. هۆکارەکەشی هەر لاسایی کردنەوەو کوپی کردنی شۆرشەکانی دیکە بوو کە هەموو لە قووتابخانەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو فێردەکران و پشتیوانیان لێدەکرا، کە چی لە سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ ماڵئاوایی لە جیهان کرد. بەڵام لە کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٠ هیندێک حیزبی کوردی دروشمی رۆژانەی بروخێ ڕێژیمی ئیمپریالیزمی جیهان بە سەرپەرەستی ئەمریکا بوو، لە ٢٠٠٣ کە ئەمریکا هاتە ناوچەکە هەر ئەو کوردانە دەیان کەسیان دەکردە واسیتە تا بە ئەمریکیەکانیان بناسێنن. کەوابێت مادام نزیک بە ٨٠ ساڵ ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو نەبووەو لە گەڵ شکست رووبەڕووبووەتەوە دەبێت ئیمەی کوردیش بە دواچوونێکی زانستی و شیکاری بۆ بکەین. ئیمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان یەکەم لایەنەی کوردی بوون کە وەک پارتێکی لیبراڵدیمۆکرات لە ٢٠٠٦ ڕاگەیاندنی خۆمان دەست پێکرد، چوون زۆربەی وڵاتانی بە هێز خاوەن ئەزموونی بواری دیمۆکراتی و مافی مرۆڤ بە سیستەمێکی لیبراڵدیمۆکرات ئیدارە دەکرێت، لەو چەمکەدا مافی مرۆڤ بەگشتی، و مافی ژن بە تایبەتی، مافی تاک، بووژانەوەی ئابوری وڵات دەبینرێت. وڵاتی ئێمەش پێویستی بە ئاوەدانی و دیمۆکراتی هەیە.

### ٭ ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و پرسی کورد؟

**وەڵام**: ئەو ڕێکخراوە زۆر دێرینە، بەڵام لایەنی چەپ و سوسیالیستەکانی تێدا ئەندامە، ئەوانەش وەک نموونە بەشی هەرە زۆریان دژی شەر بوون بە دژ ڕێژیمەکەی سەدام حسێنەوە، بۆ ئێرانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، دەڵێن با خەڵک بۆ خۆی گۆرانکاری لە ڕێژیم بکات. لە رۆژهەڵاتی ناوەرراست ئەگەر پشتیوانی دەرەکیت نەبێت ڕاپەرینی جەماوەری سەرکۆنە دەکرێت، لەو ڕێکخراوە بەس لە کۆنگرەی ساڵانەکەی باسی کورد دەکرێت، دەنا کاتێک ئەو بەرپرسانەی حیزبە سوسیالیستەکان لە ئوروپاو جیهان دەچنە سەر حوکم هیچ هەوڵێک بۆ کێشەی کورد نادەن. هەر بۆ ئاسانترین نموونە کە دوکتۆر شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەوان بوو تروركرا. بەڵام لە کاتی دادگاییەکەدا ڕێکخراوی سوسیال ئینتەرناسیونالیست هیچ رۆڵێکی نەبوو. دەبوایە پارێزەری تایبەتی خۆیان بناردایە و شایەتیان لە سەر جینایەتکاری ئەو ڕێژیمە بدایە.

### ٭ ڕۆڵی توێژی رووناکبیری کورد لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان؟

**وەڵام**: رووناکبیری کورد پێویستە لە هاندانی کۆمەڵگاو شەقامی کوردی لە خەباتکردن بە شێوەی مەدەنی و سیاسی بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان ڕۆڵیان هەبێت. هەوڵبدەن کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر و شارەزا پێکبێنن.

### ٭ پرسی نەتەوەیی و ئەرکی لاوانی کورد؟

**وەڵام**: من ئیستا بە خۆم ناڵێم لاو چوون تەمەنمان لە چلەکان تێپەری کرد، بەڵام هەر لە تەمەنی لاوێتیمەوە باوەرم بە

خەبات بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان هەبووە، نەک بە ناو ئێرانێکی دیمۆکراتی مۆدێرن بە کردەوەو حاکمیەت تەنیا بۆ فارسەکان، هەژاری و نەداری و نەهامەتییەکانیش بۆ کوردستان بێت. بیری نەتەوەیی لە نێو گەلانی جیهاندا هەر لە لاوانەوە سەریهەڵداوە، هەر شەپۆلی تورەیی لاوانی تینووی ئازادیش چەندین ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕووخاندووە.

ئەرکی هەر لاوێک و خوێندکارێکی کورد کە لە سەرەتاوە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی بدەن، قەت نە کەونە داوی زمان لووسی بە ناو ڕۆشنبیرانی داگیرکەری کوردستان، گوایا بە قسەی ئەوان هەموومان شانازی بە مێژووی ئێرانەوە بکەین، ئەو ئێرانە بەو هەموو تەمەنەوە هیچ مێژوویەکی شانازی بۆ کورد نەبووە بێجگە لە ماڵوێرانی و کوشتن و لە سێدارەدان و ئاڵودەکردنی لاوەکانمان نەبێت.

دەبوایە کورد لە پاش کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لە ١٩٤٥، بەردەوام وەک میراتگری پێداگریان لە سەر سەربەخۆیی کوردستان بکردایەو، لە ژیانی ناچاری تاراوگەش هەمیشە بەو یادەوە بژیایەن. بەڵام مخابن لە پاش تێکۆچوونی کۆمار، ئەدەبیاتی سەربەخۆیی، بە هۆی تێکەڵابوون و هاوبەش بوون یا لاسایی کردنەوەی جووڵانەوەی لایەنە چەپ و توودەو کۆمۆنیست و ماویستەکانی ناوچەکە، بیرۆکەی نەتەوەیی کوردی بەرەو لاوازی یا بە لارێدا برا.

بە هەر حاڵ ئەگەر کورد لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان دەیانگووت کوردستانی ئێران یا کوردی ئێران، یا ئێراق یا تورکیا یا سوریا، بیانوویەک هەبوو بۆ پینەکردنی ئەو وشەیە، ئەویش بە هۆی زاڵبوونی حاکمان و داگیرکەرانی کوردستان لە ناوچەکەو نەبوونی پشتیوانی نێونەتەوەیی. مخابن کە بەردەوام بەشێک لە سەرکردەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێرای ڕیز و خۆشەویستیم بۆ هەموویان، وێرای ڕێز لە خەبات و تێکۆشان و ماندووی و فیداکاری و بەخشینی هەزاران شەهید لە پێناو پاراستنی کوردستان، کە چی هەر لەم ساڵی ٢٠١٧یە، بە دەیانجار گوێم لە وشەی کوردی ئێران یا کوردستانی ئێران بووە؟. وێدەچێت ئەو سەرکردە بەرێزانە هیچ مەبەستێکیان لە بچووککردنەوەی کوردستاندا نەبێت، بگرە تەنیا بە پێی تێپەربوونی دەیانساڵ لە بە کار هێنانی ئەو وشە لە کۆبوونەو ڕاگەیاندنەکانیان بووتەو عادەت و نەریتی زمانەوانیان، هەر بۆیە پێویستە لاوان و نەوەی داهاتوو لە پێش هەموو هەنگاوێک باوەریان بەوە هەبێت کوردستان هی کوردانەو نەک کوردستان هی ئێرانە.

پێویستە نەوەی داهاتووە بۆ هەمیشە ئاسەواری ناوهێنانی داگیرکەران وەک پاشکۆی کوردستان ببرن و پێناسەی کوردستانی و بەشەکانی وەک ڕۆژهەڵات و باشور و باکور و ڕۆژئاوا بکەن بە وێردی سەرزمانیان. بە پێی ئەزموونی ٢١ ساڵ ژیانم لە ئوروپا و چەندین ساڵیش پێشهاتنم بۆ ئوروپا، قەت نەمبیستووە لە کەسێکی ئاسایی فەلەستینی تا گەورە بەرپرس یا ڕاگەیاندنێکی عەرەبی، بۆ یەکجاریش وتبێتیان فەلەستینی ئیسرائیل؟، کاتێک وەک نموونە باسی فەلەستین دەکەین لەگەڵ هیندێک بەرپرسی کوردی، لە وڵامدا دەڵێن نابێت کورد وەک خەڵک و خاکی فەلەستین بە یەک بەراورد بکرێت، چوون



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان خاكی خۆيانە. ئەی مەگەر گەلی كورد لە شۆێنی دیكەوە هاتووە ئەو خاكەی داگیركردوە؟ لە كۆتاییدا هیوادارم كە هیچ كام لەو بەڕێزانە دڵنگران نەبن و هەوڵبدەن لە ئەدەبییات و لێدوانەكانی داهاتوویاندا گۆرانكاری لە خۆیان دروستبكەن و بە شەهامەت و جورئەتەوە بڵێن كوردی رۆژهەلات، یا رۆژهەڵاتی كوردستان. بە كارهێنانی وشەی كوردستانی ئێران، بە واتای دانپێدانانە كە ئەو خاك و خەڵكە هی ئێرانە، واتە حەڵاڵكردنی خاكی پیرۆزی خۆمان بۆ داگیركەری فارسی لە درێژایی مێژووی رابوردو داهاتووشماندا.

### ⁕ رۆلی كرێكاران و زەحمەتكێشان و جوتیارانی كوردستان؟

**وەڵام**: خاك و نیشتیمانمان داگیركراوە و سەروەت و سامانمان بە دەست داگیركەرەوەیەو هەر بەو سەرمانەش لە بەینمان دەدات. كەوابێت مرۆڤ بە داگیركراوی ناتوانێ باس لە مافی كرێكارو جووتیار بكات، هەر بۆیە رۆڵی كرێكاران و زەحمەتكێشان وجووتیارانی كوردستان وهەموو پێكهاتەكانی دیكەی كوردستان ئەوەیە، كە هەموو پێكەوە لە بوارەكانی خۆمان لە هەوڵی ڕزگاری نیشتیمانمادا بین، ڕزگاری كوردستان واتە ڕزگاری هەموو چین وتوێژەكانی.

### ⁕ ئەركی ژنانی كوردستان؟

**وەڵام**: ژنی كورد لە ٢ بواردا دەچەوسێتەوە و مافی پێشێل دەكرێت، وەك نەریتی دواكەوتوویی كۆمەڵگا كە داگیركەران دیاریان كردوە، هەروەها كێشەی نەتەوایەتییان وەك كورد، كە هەردوو هۆكارەكە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی كیانێكی سەربەخۆ، كە بتوانرێت یاسای نۆی بۆ كۆمەڵگا دروست بكات، مافەكانی ژن و شێوەی هەڵسوكەوت لەگەڵ ژن پێویستە لە باخچەی منالانەوە كۆمەڵگای بۆ ئامادە بكرێت.

### ⁕ بۆچی جودایی دین لە دەوڵەت باشە؟

**وەڵام**: پێویستە هەموو لایەنە نەتەوەییەكان كە خەباتیان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی كوردستان تەرخان كردوە، لە چوارچێوەی بەرنامەو پرۆگرامی خۆیان، لە چوارچێوەی دەوڵەتمەداری و وەزارەتی تایبەتەوە، ڕێز لە هەموو ئاینەكانی خەڵك بگرن، كە ئەڵێم هەموو ئاینەكان، مەبەستم ئاینی ئیسلام بە سوونی و شیعەوە، یارسانی و هەر ئاین و ئاینزایەكی دیكە. چوون تۆی سیاسی ئەگەر بتەوێ خزمەت خەڵكەكەت بكەی پێویستە ڕێز لە ئاین و جل و بەرگ و نەریت و زاراوەكەی بگری، تا ئەوانیش پشتیوانی سەرگرتنی پرۆژە نەتەوەیەكەت بن. بەڵام هەرگیز نابێت هیچ ئاینێك دەوڵەتی بە دەستەوە بێت. چوون ئاینەكان سیستەمی ئاینی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی ئیدارەی وڵات بە كار دێن و لەو كاتە مافی هیندێك كەس و لایەن و ئاینی دیكە پێشێل دەكرێت. پێویستە دین لە دەوڵەت جیاكرێتەوە، ئاینەكان لە مزگەوت و مەزارگاكانی دیكەی



سەرچاوە
Serchawe

تـایبەت بە خۆیـان کاروبـاری خۆیـان بەڕێـوە بـبەن و تێکەڵـی کـارو بـاری دەوڵەت نەبـن. یاسـای حکومەتی ڕزگـاریکراوی داهاتووی کوردستانی پێویستە بە دەنگی هەموو چین و تۆیژەکـانی کوردسـتانیان پەسـەند بکرێت، بـۆ ئەوەی مـافی هەمووی تێدا پارێزراو بێت.

* ئایین تا چەندە دەوری هەبووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟

**وەڵام**: شـاراوە نییە کە لە سـەدەکانی پێشـوودا بە هـۆی نەبـوونی قووتـابخـانەو زانکـۆ لە ناوچەکـانی کوردسـتان کـورد خۆێنەواری ئاکادیمی لە ژمارەی قامک تێپەری نەدەکرد، بەڵام خۆێنـدنی ئـاینی و فەقێیەتـی لە ناوچەکـانی کوردستان زۆر بـوون، هەر ئەو کەسـایەتییە ئاینیـانە وەک مامۆسـتای ئـاینی و شـێخ زۆر جـووڵانەوەی کوردیـان بەڕێـوە بـردوە. نمـوونەی شۆرشەکانی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ ئەحمەدی بـارزانی، شێخ مەحمودی مەلیک، پێشەوا قـازی موحەممەد وەک یەکەم سەرۆککۆماری سـەردەمیانەی کـوردی و مەلا موستەفا بـارزانی. بە دوای ئەوانیشـدا زۆربەی چالاکـانی حیـزبە سیاسیەکان و کەسـایەتیەکانی کوردسـتان لە کەسـە ئاینیەکـان بە هەمـوو ئـاینە جیاوازەکـانەوە بـوون، من ئەوە بە دروست نازانم کە هیندێک بە ناو سیاسی هێـرش دەکەن سەر ئاینەکـان لە کوردستان و کۆمەڵگا لە خۆیـان دەتـۆرێنن. ئەوە زیانی هەیە و دووریشە لە پرینسیپی دیمۆکراسیەک کە باسی دەکریت و خەباتی بۆ دەکەین.

* چۆنیەتیی دروستبوونی داعش؟

**وەڵام**: داعش گروپێکی دروستکراوە کە چەندین نهێنی لە پشتەوەیە لە داهاتوودا زۆر شت ئاشکرا دەبێت. چوون دروستبوونی گروپێکی تووندـڕەوی بەو شێوە لە ناکـاو کۆنترۆڵکردنی زۆر نـاوچە پرسیـارێکی زۆر هەڵـدەگرێت. هەر لە ڕێگەی داعشـەوە مەبەست هەبـوو بـۆ لێدانی سوونیەکانی ئێـراق و کەم دەسەڵاتکردنیان، بـۆ ئەوەش دەسشلکرا بـۆ ئەوەی داعـش بچنە ئەو ناوچانە و پاشان بە بیانووی لیدانی ئەوان ناوچەکان تەفرو تووندا بکەن و بە ملۆینـان خەڵکیـان لـێ ئـاوارە بکەن. ئیـدی کەم دەسـەڵات و بێهێـز بـبن. وەک تـۆم زۆر وڵات ونهینـی لە پشت داعشـەوەن، بەڵام ئێـران دەسـتی سـەرەکی لەو پـرۆژەدا هەبوو، داعشیان وەک ئاگر بەردایە ناوچە سوونیەکان، هەر بەو مەبەستەش ٩٠ % ناوچە سوونیەکانیان لە ئێراق و سوریا تەخت کرد. سونیەکانیان ناچاری پەرینەوە بـۆ تـاراوگە کـرد، هەروەهـا وەک مەترسییەک بـۆ سـەر سنوورەکانی باشـوری کوردستان، چوون کوردستان زۆر بە خێرایی لە بواری ئابوری و سیاسی و دیپلوماسی لە ئاست جیهاندا گەشەی دەکرد و بەرەو پێش دەڕۆیشت، ئەمەش وایکردبـوو کە زەمیـنەی دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـورد لەو بەشـەدا زۆر لە ئـارادا بـوو، هەر بـۆیە داگیرکەرانی کوردستان بەو مەبەستە داعشیان بەردایە کوردسـتان. بەڵام وێـرای هەزاران شـەهید کـورد لەو تـاقیکردنەوەش دەرچوو و لە باشور و رۆژئاوا زۆر قارەمانانە شانازیان بۆ گەلەکەیان لە ئاست جیهاندا تۆمار کرد.

### ❋ مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان ڕێکخراو و حیزبەکان؟

**وەڵام**: ڕێکخراو حیزب وەسیلەن بۆ جووڵاندنی مەبەست و داواکارییەکانی کۆمەڵگا، جاری وایە هەیە حیزب زۆر گەشە دەکات و جاری وایە زۆریش دادەبەزێت. بەڵام پێکەوە مێژوو دروستدەکەن، چوون هەر جووڵانەوەیەکی پێشوومان و داهاتوومان، حەتمەن بە بوونی سەرکردەیەکی بە تواناولێهاتوو کاریزما سەرپەرەستی ئەو جووڵانەوە کراوە. مێژووی نەتەوەکەمان شایەتی سەدان جووڵانەوەو کەسایەتی دیارن.

### ❋ شانازی بە چییەوە دەکەی؟

**وەڵام**: لە ئوروپییەکان شتێک فێر بووم، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر کاری باشت کرد یا خرابت کرد دەبێت ڕووبەخۆت بێتەوە، واتە ئەگەر خراب بوو خۆت تێیدا بەرپرسیاری، ئەگەر باشیش بوو مافی خۆتە باسی بکەوی و شانازی پێوە بکەین. منیش دەڵێم شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم، شانازی بەوە دەکەم کە لە تەمەنی ١٤ ساڵیەوە لە خزمەت نێشتیمانەکەمدابووم و تا دواڕۆژی تەمەنیشم هەر بەردەوام دەبم. هەمیشەش باوەرم بە خەباتی بێ پێچووپەناو تەکتیک لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا بووە. شانازی بەوە دەکەم کە توانیومە چەند ساڵ چەکی شەرەفی پاراستنی کوردستان لە داگیرکەران لە شانبکەم.

شانازی بەوە دەکەم کە ئیستا مەسەلەی سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان زۆر نزیکبووەتەوە و ئەمەش هێز و تینێکی زۆری بە کوردەکانی رۆژهەلات بەخشیوە. منیش و پارتەکەشمان وەک پارتی سەربەستیی کوردستان لەو بوارەوە رۆڵ و ئەرکی خۆمان بۆ مێژوو بە جێگەیاندووە.

### ❋ بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟

**وەڵام**: بەڵێ ماوەی ٥ ساڵە خەریکم و بە سەرهاتەکانی ژیانم تۆمار دەکەم و بە نیازم ئەگەر تەمەن مەودام بدات، لە تەمەنی ٥٠ ساڵی یا کەمتر بەشی یەکەم بڵاو بکەمەوە، چوون هەر لە تەمەنی ٦ ساڵیەوە تا ئیستا لە نێو ژیانی سیاسی و ئاوارەیی و دەربەدەریدا بووم، لە ژیانمدا زۆر ناخۆشیم بە سەر هاتووە و بەڵام هەرگیز کۆڵم نەداوەو بە چۆکدا نەهاتووم. هەر بۆیە بە خرابی نازانم بەسەرهاتەکانم بۆ نەوەی داهاتوو باس بکرێت.

### ❋ لەو ماوە درێژەی خەبات دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە؟



سەرچاوە Serchawe

**وەڵام**: وەک شەخسی خۆم  هەر لە منداڵییەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووم و شانسی پر لە شانازی پێشمەرگایەتیم پێبراوە، لە هاتنەوە دەرەوەشم و تا ئیستاش لە خەباتی دیپلوماتی و سیاسی و لۆبی گەریم بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بەردەوام بووم. لە دروستکردنی پارتی سەربەستیی کوردستانیش بە هاوکاری هاوبیرانم لەو پارتەدا ڕۆڵی زۆر بەرچاومان هەبووە لە پەرە پێدان و هاندانی لاوانی رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەت بەدەنی حیزبەکانی کوردستانیش لە بیرۆکەی خەبات لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاریدا. لە چالاکیە دیپلوماتی و ڕاگەیاندنەکان دا ڕۆڵی بەرچاومان هەبووە بە ناساندنی دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە جیهانی دەرەوە، بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی و ئوروپی و ئەفریقی و بەردەوامیشین. نەبوونی دەنگی کورد لە ڕاگەیاندنە عەرەبییەکاندا بۆشایەکی بەرچاو بوو، لە ڕێگەی ئێمەوە ئەو بۆشایە پرکرایەوە. ئێمە توانیومان لە ٧٨ میدیای بینراو بیسراو کاغەزی دیاری وڵاتانی عەرەبی باسی رۆژهەلاتی کوردستان بکەین، ئەمانەش هەموو بە بەڵگە هەیە. هەر بۆ خۆم هاندەری چەندین رۆژنامە نووسی عەرەب و ئوروپی بووم کە وتوویژ لەگەڵ هیندێک لە سەر کردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێکبهێنن، کە بۆ خۆشیان ئیستا شایەتی ئەو ڕاستیە دەدەن، لە حاڵێکدا ئەو لایەنانە ئامادەش نەبوون بۆ یەکجاریش لە میدیای خۆیان ناوی ئێمە بهێنن. دوور لە هەر موبالغەو بە خۆهەڵدانێکدا بە دانپێدانانی چەندین کەسایەتی سیاسی و دیاری وڵاتانی عەرەبی، من یەکەم سەرکردەی رۆژهەلاتی کوردستان بووم کە سەردانی هیندێک وڵاتی عەرەبیم کردوەو باسی مافی رۆژهەلاتی کوردستانم کردوە. کە نموونەیان سەردانی عەمانی پایەتختی ئوردون بوو، کە لەوێدا دیدارم لەگەڵ چەندین پەرلەمانتار و کەسایەتی ناوداری وەک ساڵح قولاب و چەندین ڕاگەیاندنی عەرەبی پێکهێناو، کە زۆربەی دیدارەکانیشم بە پۆشینی بەرگی کوردی بووە.  وێرای دەیان کۆبوونەوەو سەردانی داخراوی دیکە. هەر بۆیە لە بەرامبەر مێژووی نیشتیمانەکەم خۆم بە سەر بەرز دەزانم، و مێژووش لە داهاتوودا شایەتیم بۆ دەدا.

※ **لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانت دا، لەچ شتێک پەشیمانی؟**

**وەڵام**: زۆر پەشیمانم لەوەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. یارمەتی جۆراوجۆر و خزمەت و ڕێزم لە زۆر کەس گرتووە، و هەوڵی زۆرمداوە لە زۆر بوارێکدا پێشکەوێت و پێبگات. بەڵام مخابن هیندێک لەو مرۆڤانە ئینسانی زۆر خراب و سفلە بوون و شایەنی ئەو ڕێزە نەبوون. بگرە وەک دووپشکیش پێیانەوە داوم. لە دیتنی ئەو جۆرە مرۆڤانە هیندێک وانەی نۆی بۆ پاشماوەی ژیانم فێربووم.

※ **سەمبۆل هێماکانی گەلی کوردستان لە دیدی جەنابتان کامانانە؟**

**وەڵام**: ڕێزگرتن لە ئاڵاو سرودی نەتەوایەتی کوردستان، مێژووی دێرینی وڵاتەکەم، ئاسەوارەکان، پەرتووکە ئەدەبی و مێژوویەکان. جلوبەرگ و نەریتە کوردییەکان. زمانی شیرینی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە، کە دوای هەزار ساڵ دوژمن هەر نەیتوانی زمانی کوردی لە بەین بدات. بە پێچەوانەی زۆر نەتەوەی دیکە لە ماوەیەکی کەمدا زمانی دایکی خۆیان بە هۆی داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە دەستداوە. ئەمانەو دیان بابەتی دیکە هێمای نەتەوەیین لای من.

*** لێداوانت لەسەر ئەم کەسایەتانە چێیە: قازی محمەد، شێخ سەعید پیران، سمکۆ شکاک، شێخ مەحموود، مستەفا بارزانی، د.قاسملوو، پیرە مێرد، عەبدوڵڵا گۆران، مامۆستا هێمن، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و سوارە ئیلخانیزادە؟**

**وەڵام**: **قازی محمەد**، یەکەم سەرۆککۆماری سەردەمیانەی کوردستان بووە، کە بۆ هەمیشە و تا دەیان سەدەی دیکە مێژوومان بە شانازییەوە باسی لێوە دەکات، لە پێشەواوە هەموومان فێربووین کە خەبات بکەین بۆ بە دەستهێنانەوەی کۆمارێکی دیکەی کوردستانی.

**سمکۆ شکاک**، سەرکردەیەکی بە جەرگ و وڵاتپارێز لە نزیک بە سەدساڵ پێش بووە، داگیرکەرانی لە خاکی کوردستان وە دەرناوە، هەستی بە هیندێک مەترسی لە سەر نیشتیمانەکەی کردوە، و زۆر زوو هەنگاوی بۆ ناوە. هەرچەند بە داخەوە هیندێک بە ناو سیاسی ومێژوو نووسی کورد لاسایی و کۆپی مێژوونووسانی ڕەگەزپەرەستی
تورک و فارس دەکەنەوە و بە خراپی باسی ئەو قارەمانە دەکەن.

**شێخ مەحموود**، ئەو کەسایەتییە سیاسیەی کوردستان بووە کە لە پاش کۆتایی هاتنی شەری یەکەمی جیهان هەستی بە بێ وڵاتی کردوەو شۆرشێکی مەزنی ڕاگەیاندووە، بە هۆی ناراستی دەوڵەتی پێشووی ئینگلیز لە گەڵ کورداو لکاندنی کوردستان ویلایەتی موسڵ بە ئێراقەوە، شێخ مەحمود لە ڕێگەی شۆرشەکەیەوە بە گژ ئەو هێزە زەبەلاحەی جیهان واتە ئینگلیز بووەتەوە.

**مستەفا بارزانی**، سەرکردەو جەنەراڵێکی گەشاوەی مێژووی یەکەم دەوڵەتی دیمۆکراتی کوردە واتە کۆماری کوردستان، زیاد لە ٥٠ ساڵ لە خەبات و تێکۆشاندابووە بۆ نیشتیمانەکەی و تووشی دەربەدەری و بەندی و گەلەکۆمەی نێو دەولەتیش بووەتەوە. هەروەها درێژەدەری وەسێتەکانی پێشەوا قازی موحەممەد بووە.

**دوکتۆر قاسملوو**: کاتێک هاتە نێو گۆرەپانی سیاسەت و ڕامیاری، کە گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بۆشاییەکی جمووجۆڵی سیاسیدا بوو، کۆمارە کەم تەمەن و بربەهرەکەی کوردستان تێکچووبوو، چەندین ساڵبوو لە پاش کۆمار،



سەرچاوە Serchawe

چالاکوانە سیاسیەکان بە ناچاری پەریوەی وڵاتانی دراوسێ بوون. هیچ دەنگ و باسێک لە سەر جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا نەمابوو. واتە لە نیو سەدە پێشدا گەلی کورد بە گشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی زۆر بێپشت و پەنابوو، لەو کاتەدا گەلەکەمان ژمارەی مرۆڤی خوێنەواری نیشتیمانپەروەری زۆر زۆر کەمبوو، لەو ئان و ساتە پێویستەدا ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووە هاتە پێش و لیزانانە و ئاکادیمییانە جڵەوی شۆرشی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستان، بە رێبەری حیزبی دیمۆکرات لەو سەردەمەدا بە ئەستۆ گرت. دیسانەوە بووژاندنەوەیەکی سەردەمیانەی بەو جووڵانەیە دایەوە. تەواوکەری وەسیەتەکەی پێشەوای نەمر کە فەرموویەتی لە پاش شەهیدکردنی من دەیان و سەدان پێشەوای دیکە سەر هەڵدەداتەوە.

بە پێێ پێناسەو کرداری ئەم رێژیمە مرۆڤ و ئازادی کوژە، بوونی کەسایەتییەکی وەک شەهید دوکتۆر قاسملوو کە لەڤاوی سیاسەتی داگیرکاری ودیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی ئەم رێژیمە نوێیەی ئێران لە ئاست کوردستان و جیهاندا دەدا، جێگەی قبووڵکردنیان نەبوو. دەیانزانی و دەیانبینی کە ئەم کەسایەتییە کوردە، ئەوەندە پر زانست و هۆشیارە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ونموونەترینیان فەرانسە لە ئاست وەزیرو سەرۆکوەزیران پێشوازیان لێدەکرد و راوێژیان پێدەکرد. بگرە زۆر لە وڵاتان داوایان لێکردوە کە رێنماییان بکات لە دارشتنەوەی ئابوری وڵاتەکەیان. یا دەیان کەسایەتی دیارو بەرچاوی ئیستای ئوروپاو جیهان لە دۆستانی نزیکی ئەم سەرکردە مەزنەی کورد بوون، کە بۆخۆیان گەواهی ئەوە دەدەن کە لە رێگەی دوکتۆری شەهیدەوە بە کێشەکانی کورد ئاشنابوون، بە تایبەت لە رێگەی پەرتووکە بە نرخەکەی ( کوردستان و کورد) ەوە. ئەم رێژیمە زاڵمەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە پێستی ناشیونالیستی فارسیدایە، ترۆرکردنی دوکتۆر قاسملووی کردبووە یەکێک لە پلانە گرنگەکانی کاری، و دەیان کەس و دەیان ملۆین دولاریان بۆ تەرخانکردبوو. تا سەر ئەنجام و مخابن دوای زیاد لە ٨ ساڵ لە رێکەوتی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ پلانە گڵاوەکەیان سەریگرت، و لە ژێر ناوی ئاشتی و دیالۆگ ئەو سەرکردە کەم وێنەیان لەگەلەکەمان سەند و شەهیدیان کرد.

**پیرە مێرد،** شاعیرێکی نەتەوەیی بووە بە پێنووسەکەی لە یەک سەدە پێشەوە خەڵکی کوردی بە خەبەر هێناوە، و لەو سەردەمەدا کوردی سەربەرز کردوە لە ئاست ئەدەبیاتی جیهانی و ئێراقیدا.

**عەبدوڵڵا گۆران،** یەکەم هەڵبەستڤانی کوردی بوو کە شیعری نوێ بڵاوکردەوەو بوو بە رێچکە شکێن لەو بوارەدا.
**ماموستا هێمن،** شاعیری سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی شۆرشی پاش کۆمار و شاخ بووە، خاوەنی چەندین هەڵبەستی نەتەوەیی و ناسک و جوان بووە. نموونەی ٢ کۆپلەی ماموستا هێمن، رێبوارێکم ئازا و بە زیبک و زاکوون

دەبرم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون

بەرهەڵستم دەکەم هەپرون بە هەپرەوون
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

-------------

کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل
بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێیان دەدەم تل
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون.

عەبدوڵلا پەشێو، شاعیری سەربەخۆخوازو ناسیونالیستی بە مانای ڕزگاری وڵات لە ژێر چنگی داگیرکەراندا، بە هەڵبەستە جوانەکانی هەزاران لاوی هانداوە بۆ خەباتی سەربەخۆخوازی.

شێرکۆ بێکەس، شاعیری سەردەمیانە بووە، و خاوەن درێژترین دێرە شیعری لە ئاست جیهاندایە.

سوارە ئیلخانیزادە. دەتوانم بڵێم یەکەم شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە شیعری نۆی لەو بەشەی کوردستان بڵاکردەوە.

*** پێشبینی و هەڵسەنگاندن بۆ داهاتووی کوردستان؟**

**وەڵام**: وێرای هەموو کۆسپە دەرەکییەکان، هەموو کەم وکوری و کۆسپە ناوخۆییەکان، بەڵام ئایندەیەکی گەش چاوەڕێمان دەکات. چوون جیهان بەرەو گۆرانکاری شەپۆل دەنێت، و کوردیش بۆ جیهان سەلمێندراوە کە نەتەوەیەکە ئەگەر دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت نموونەی پێشکەوتن و دیمۆکراسی دەبێت، هەربۆیە زۆر لە وڵاتانی بە هێزی جیهانیش لە هەوڵی بە هیزکردنی پێگەی خۆیانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کوردیش بە باشترین دۆستی خۆیان دەزانن.

*** وەک کەسایەتی یەکەمی حیزبەکەتان چ لێدوان و پەیامێکت بۆ کچان و کوڕانی لاوی کورد هەیە؟**

**وەڵام**: من خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە پەیام ئاراستەی لاوانی پێگەیشتووی وڵاتەکەم بکەم، من ناوی دەنێم داواکاری. داوام

لە لاوانی کوردستان هەیە لە دەرەوەی وڵات، کە زیاد لە ١ میلۆین لاوی کورد ئیستا لە تاراوگە دەژین یا لە تاراوگە لە دایکبوون. بە خۆشییەوە زۆربەی هەرە زۆریان لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئەندازیاری، پزشکی، تەکنولۆژیا و ئایتی، وەرزش، داهێنان، فرۆکەوانی و هیدیکە خۆیان پێگەیاندووە، بۆیە من داوایان لێدەکەم کە لەو زانستەی خۆیان، نیشتیمانەکەیان لە یاد نەچێت و هەوڵبدەن بە هەر شێوەیەک دەتوانن خەڵکی کورد لەو زانیاریانە لە ڕێگەی تۆرە کۆمەلایەتییەکان و ڕاگەیاندنەکان بێبەش نەکەن، یا ئێمەی کوردی چی دیکە لە سەر چاوەی زمانەکانی بێیانی بە شۆین زانستا نەگەرێێن و بتوانین لە لاوانی خۆمان کەڵکوەرگرین. یا لە کاتی بە دەوڵەتبوونی هەر بەشێکی کوردستان بۆ بنیادنانەوەی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیان هەبێت، یا کۆمپانیاکانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەری کوردستان لەوێ سەرمایە گوزاری نەکەن، یا ئەوان پرۆژەکانی خۆیان لە کوردستان پیادە بکەن.

هەروەها داوام لە لاوانی ناوخۆی کوردستان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەمیشە بە شانازییەوە خۆیان بە کوردستانی بزانن و فریوی مامۆستاکانیان یا مێژوو نووسانی فارسی ناشیونالیست نەخۆن، کە هەمێشە وا خەڵک پەروەردە دەکەن کە گوایا کورد نەتەوەی رەسەنی ئێرانە. لەو بوارەدا تەنیا مەبەستیانە لە بواری عاتفییە وا لە خەڵکی کوردستان بکەن کە بیر لە سەربەخۆیی خۆیان نەکەنەوە، و هەمیشە لە بیری ئێرانی فارسیدا بن. لە بواری دیکەشەوە داوایان لێدەکەم، کە وریا بن و لە پلانە گڵاوەکانی داگیرکەرانی کوردستان خۆ دوور بگرن، وەک ئالۆدەکردنیان بە مەوادی موخەدەرات و مادەی هۆشبەر. بە بەسیجکردن و هاوکاری کردنی دەزگای ئیتلاعات. مرۆڤ دەبێت هەمیشە لە فکری خەڵک و نەتەوەکەی بێت، بۆ دەسکەوتێکی کاتی پشت لە نەتەوەکەی نەکات.

---

**ڕەزبەری ٢٧١٧ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ کاک عارف باوەجانی بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

